# هەڕەشەكانی توركیا كاریگەرییەكی كەمیان لە كوردستان هەیە

یان ڕوت
و. لە ئەڵمانییەوە: هیوا ناسیح



**حكومەتی هەرێمی كوردستانی عێراق بۆ مەسەلەی ململانێی توركیا و گەریللاكانی پ‌ك‌ك‌ا داوای گفتوگۆ لە ئەنقەرە دەكات.**
**كوردەكان بە بڕوا بوونیان بە هاوپەیمانەتییەكەیان لەگەڵ ولاتەیەكگرتوەكانی ئەمریكا، بە دانبەخۆداگرتن و بڕوابەخۆبوونەوە ڕوبەڕوی هەڕەشەكانی توركیا دەبنەوە.**

سەلاح كەتانی پیرەمێرد دەزانێت، كە چۆن شەڕی پێشمەرگانە بكات. ئەم لە ساڵی 1954 دا كە تەمەنی تەنها 14 ساڵان بووە، بووەتە پێشمەرگە (واتە جەنگاوەری كورد)، ئەم كە ئێستا تەمەنی 76 ساڵە نزیكەی چل ساڵ تێكۆشاوە. ((تەنانەت بە هێزێكی سەربازی وا زۆر و زەوەندیش ناتوانرێت گەریللا تێكبشكێنرێت)) ئەو وا دەڵێت.((ئەمە سەددام پێی نەكرا و توركیاش لەگەڵ پ‌ك‌ك‌ا دا ناتوانێت بیكات)). دە ڕۆژێك لەمەوبەر پارلمانی توركیا چرای سەوزی دایە حكومەتەكەی، تا بۆ شەڕی لەگەڵ گەریللاكانی پارتی كرێكارانی كوردستان، كە لە باكوری عێراقەوە دێن، هێز بۆ ئەو دیوی سنوری عێراق ڕەوانە بكات. لە پشت ركە و بنارەكانی ئەو چیا بەرزانەی كە كەوتونەتە سەروی (بەیناتە) وە یەكێك لەو بنكەو بارەگایانەی پ‌ك‌ك‌ای لێیە، كە لەم سنورەی عێراق و توركیا دان. لەوێوە هەمیشە هێرش دەكەنە سەر بنكە و خاڵە سەربازییەكانی توركیا لەوبەرەی تری سنورەكەوە.

## دڕكێك لە چاوی توركەكاندا

حكومەتە كوردییەكە لە هەولێر ڕۆژی پێنجشەمەی ڕابردوو بڕیاریدا، كەوا ئەوان ڕێگا نادەن، كە زەوی ولاتەكەیان بۆ هێرشكرنە سەر توركیا یان هەر دەوڵەتێكی تری دراوسێیان بەكار بهێنرێت، حكومەتی

هەرێم روونی کردەوە. هاوکاتیش بانگەوازی تورکیای کرد کە واز لە ڕێگاچارەی سەربازی بهێنێت. وە داوای گفتوگۆی ڕاستەوخۆی لە ئەنقەرە کرد. ((حکومەت خۆشحاڵە بە دیالۆگێک لەگەڵ ئەنقەرە لەسەر هەموو پرسە هاوبەشەکان، بە مەسەلەی پەکەکا شەوە)) لە ڕونکردنەوەکەدا وا دەڵێت. هێرشێکی سەربازی کارێکی وا دەکات، کە عێراق و تورکیا و تەواوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست زیانی لێ بکەوێت.

هەزاران خوێندکار لە پێنجشەممەی ڕابردودا، دژ بە بڕیاری پارلمانی تورکیا خۆپیشاندانیان کرد. هێرشێکی سەربازی تورکیا بۆ ئەم دیوی سنور دەشێت لە نێو کوردەکانی تورکیا، ئێران و سوریاش شەپۆلێکی هاوپشتی و هاوسۆزی بتەقێنێتەوە. بۆ کوردەکانی وڵاتە دراوسێکان کوردستانی عێراق بە خۆبەڕێوە بردن و خوێندنگاکانییەوە، کە بە کوردی وانەیان تیادا دەخوێنرێت، نمونەیەکی زیندو و پرشنگدارە. چەندە زۆرن ئەو کوردانەی کە وەک (کەتانی) لەو بڕوایەدان کە مەسەلەکە ((سوک و بارێک تورکیا حەز ناکات، کە ئێمە لە ئاشتیدا بۆ خۆمان بژین)) وەک کەتانی پیرەمێرد دەڵێت.

ئەو ئەندام پارلمانە کوردانەی پارلمانی عێراقیش هەر وای دەبینن، کە لەم ڕۆژەدا بەرەو ئێرە هاتبون تا ئەو زەرەر و زیانانە بە چاوی خۆیان بە سەر بکەنەوە، کە لە ئەنجامی بۆردومانی چەند ڕۆژ لەمەوبەری تۆپەکانی تورکیادا کەوتونەتەوە. کۆژراو و بریندار نییە، بەڵام لەم لادێی (بەیناتە) یە چەندان کێڵگە سوتان. جێگەی باوەڕکردن نییە، کە حکومەتی بەغدا ئەم بریندارکرنەی سەروەری عێراقی بە ڕاشکاوانە مەحکوم نەکرد، ئەندام پارلمان ( کامیل ئیبراهیم بادی) وا دەڵێت.

((ئێمە بەشێکین لە عێراقی فیدراڵ، بۆیە حکومەت لێپرسراوە لە پاراستنی تەواوی وڵات)) ئەو وای گوت.

هەرچەندە نەک هەر لە ئەنقەرە، بەڵکو لە بەغداش مرۆڤ شکی لەوە هەیە، کە کوردەکان بە ڕاستی خۆیان بە عێراقی بزانن و لە دواڕۆژدا دەوڵەتی سەربەخۆ جاڕ نەدەن. لە ڕاستیدا قسەکەری حکومەتی عێراقیش (عەلی دەباغ) داوای لە ئەنقەرە کرد، کە دەست لە هاتنەناوەوە هەڵگرێت. سامی ئەلعەسکەریش، کە ڕاوێژکاری نزیکی سەرۆکوەزیران مالیکییە، بە ئەو پەڕی ڕاشکاوانەوە گوتی، کوردەکان کاتێک بەغدایان بیر دەکەوێتەوە، کە لە تەنگانەدا بن. بۆ پاراستنی ناوچەکەیان دەبێت خۆیان لێپرسراوبن لێی.

زۆر لە عەرەبەکانی عێراق بە دوودڵی و گومانەوە چاودێری ئەوە دەکەن، کە کوردەکان تەنها بۆ پارسەنگ و قورس ڕاگرتنی تەرازووکە لە گەڵیاندان، تاوەکو لە بەرژەوەندیەکانیاندا لەو مەسەلانەی کە کێشەیان لە سەرە، وەک بابەتی کەرکوک و گفتوگۆی یاسای نەوت بەکاری بهێنن، گەشەکردن و بەرەو پێشچوونەکانی کوردەکان لە ئەنقەرەش بە نیگەرانییەوە لێی دەڕوانرێت. گومان و بێ متمانەییەکە لە هەموو لایەکەوە ئەوەندە زۆرە، بۆیە چارەسەرێکی دیپلۆماتی ئەوەندە قورس و ئەستەم کردوە.

## کێ بەرگری لە کوردستان دەکات؟

بە گوێرەی دەستوری وڵات ئاسایشی ناوخۆ لە دەستی حکومەتی هەرێمدایە. ئایا پۆلیس و سەرباز لە ناوچە و هەرێمێکی ترەوە ئەرکیان لە ناوچەیەکی تری وڵات وەک کوردستان پێ دەسپێردرێت، جارێ ئەم بیرۆکەیە قسەی لێ نەکراوە. بە پێی ئاماری ڕەسمی کوردەکان 110 هەزار سەرباز و پۆلیسیان لەبەردەستدایە، بەڵام بەغدا ناتوانێت فەرمانیان بە سەردا بکات. بابەتی ئەوەی کە ئایا هێزی کوردەکان لە حاڵەتی هێرشی تورکەکاندا بەرەنگاریان دەبنەوە و بەرگری دەکەن، سەرکردە سیاسییە کوردەکان لە پێنجشەممەی رابردوودا نەیانوست وەڵامی ئەمە بدەنەوە. ناردن و گواستنەوەی هێز و زیادکردنی سەربازانی سەر سنور بوونی نییە. تەنها لە سەر سنوری تورکیا لێرەو لەوێ و جاروبار خاڵێکی ئێشکگری دەردەکەوێت. لە سەر بوونی پەکەکا

لەوێ کوردەکانی ئەو دەڤەرە تەنها بە ساردییەکەوە وەڵامێکی (من نازانم) ت دەدەنەوە، بەڵام ئەوەی زۆر باش دەیزانن ئەوەیە، کە بۆ گەریلاکان ئەو ناوچە شاخاویە سەختانە گرفتێک نییە.

**((لە زستاندا شەر بوونی نییە))**

بە ڕای (کەتانی) پیرەمێرد، کە وەک ریشسپی دانیشتوانی گوندەکەیان غەمی لەبەر بوو، هەروەها بە ڕای (بادی) ئەندامی پارلمانیش، کە لەگەڵ بەغدادا دەبێت داوا ئەمریکییەکانیش بکرێت. بەوەی لەکاتی هێرش و هاتنەوەوەی سوپای تورکیا دەشێت ئێرانیش هەمان هەنگاو بنێت. ئەمەش غەم و کێشەی خودی ئەمریکییەکانیشە، وەک (بادی) دەڵێت، چونکە ئەمریکا جەنگی دژە توندڕەوی بە کاری خۆی دەزانێ و پێویستیشی بە هاوکاری و پشتگیری کوردەکان هەیە. لە ناوچەی سەر سنور کەس وای نابینێت، کە هەڕەشەکانی تورکیا لای کەمی بەم نزیکانە بە واقیعی بکرێتەوە، چونکە ئەم پیرەمێردە و ئەندام پەرلەمانەکەش دەڵێن، هۆشداری ئەمریکا بۆ هاوپەیمانەکەی کە تورکیایە، تورکیای ساردکردۆتەوە. ((ئەوەندەی پێ ناچێت، ئەو کێوانە بە بێ شک مەترێک بەفر دایدەپۆشێت، (کەتانی) وا دەڵێت. (( بۆیە لە زستاندا هەرگیز کەس لێرە شەڕی پێ ناکرێت)).

ڤینتەرتور 26.10.2007

**سەرچاوە/** ڕۆژنامەی (NZZ)ی سویسری ڕۆژی 19ی ئۆکتۆبەری 2007